

د. مەیادە نەجاڕ:

# پارتی هەر لە سەركردایەتییەكەیەوە هەتا ئاستی جەماوەری متمانەی تەواوی بە كاندیدە ئافرەتەكان بووە و پشگیرییانی كردووە

**تا ئێستا لە زۆربەی هەڵبژاردنەكانی كوردستاندا خانمان بە دەگمەن دەنگی تەواویان هێناوە و زیاتر بە سیستمی «كۆتا» سەركەوتوون، بەڵام لە هەڵبژاردنەكانی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا خانمانی كاندید بە دەنگی خۆیان سەركەوتوون. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی چالاكانی بواری یەكسانیی رەگەزی جەخت لەوە دەكەنەوە كە خودی ئافرەتان بۆ بەشداری لە بڕیاری سیاسیدا زیاتر متمانەیان بە پیاوان هەیە و كەمتر دەنگ بە هاوڕەگەزی خۆیان دەدەن، ئەوەش دوویات دەكەنەوە كە پەرلەمانتارانی خولی پێشوو لە پەرلەمانی عێراق كارێكی ئەوتۆیان بۆ باشتركردنی رەوشی ئافرەتانی كورد و ئافرەتانی كوردی ئێزیدی بەتایبەتی نەكردووە، ئەمانە و چەندین پرسی دیكەی هەستیار، لەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ د. مەیادە محەمەد ئیسماعیل ساڵح نەجار، دامەزرێنەر و سەرۆكی رێكخراوی ئاریانا بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان و كاندیدی سەركەوتوو بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سەر لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان، تاوتوێ كراون.**

**گوڵان: كۆمەڵایەتی**

*** سەرەتا با بە پرۆسەی هەڵبژاردن دەست پێ بكەین، دیارە لە پرۆسەكانی هەڵبژاردندا رێژەیەكی بەرچاوی ئافرەتان بەشداری لە دەنگدانەكان دەكەن و بگرە زیاتریش لە پیاوان دەچنە سەر سندوقەكانی دەنگدان، بەڵام كەمتر دەنگ بە ئافرەت دەدەن و نوێنەری پیاو هەڵدەبژێرن. بۆچی زۆربەی ئافرەتان لە بواری بەشداری سیاسیی، زیاتر متمانەیان بە پیاوە نەك بە ئافرەت؟ ئەو واقیعە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- بێگومان لە كۆمەڵگە پیاوسالارییەكاندا بەهۆی نەبوونی متمانە بە توانای ئافرەت زۆربەی دەنگدەرانی ئافرەت دەنگ بە كاندیدە پیاوەكان دەدەن، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە، ئەوەیە كە لەم هەڵبژاردنەدا بەتایبەتی ئافرەتەكانی لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان بە دەنگی خۆیان دەرچوون و پێویستیان بە كۆتا نەبوو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە پارتی دیموكراتی كوردستان هەر لە سەركردایەتییەكەیەوە هەتا ئاستی جەماوەری متمانەی تەواوی بە كاندیدە ئافرەتەكان هەیە و پشگیرییان دەكات، من وەك كاندیدێكی پارتی زۆرخۆشحاڵم بەوەی كە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی بە دەنگی خۆیان دەرچوون لە لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان بوون.

*** وەك یەكێك لە پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە سەر لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان، توانیتان دەنگێكی زۆر بەدەست بێنن، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت كە خەڵكێكی زۆر متمانەیان پێت كردووە، چ كارو پرۆژەیەكت هەیە بۆ ئەوەی ئەو متمانەیە لەدەست نەدەیت؟ هەروەها چۆن خۆت ئامادە كردووە بۆ ئەو جەنگە گەورەیەی كە لە بەغدا بەرامبەر بە كورد دەكرێت؟**

- من بەر لەهەموو شتێك سوپاسی ئەو جەماوەرە تێكۆشەرەی پارتی دیموكراتی كوردستان دەكەم كە پشتگیرییان كردم و متمانەی خۆیان بەمن دا، سەبارەت بە بەرنامە و ئەو پرۆژانەی كە كاری لەسەر دەكەم، بەر لەوەی كاندید بم، چەندین پرۆژە یاسای گرنگم لە چەندین بواری یاسایی، دەستووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان ئامادە كردبوو، چونكە پێشتریش هەمیشە وەك یاساناسێك هەستم بەوە كردووە كە جەنگی ئێمە لە بەغدا جەنگێكی یاسایی دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوان هەوڵ دەدەن لە رێگەی یاساو پاساوی دەستووری مافەكانمان پێشێل بكەن، چەندین توێژینەوەی تایبەتیم لەسەر پرۆژەی دەستووری عێراقی فیدراڵ ئامادەكردووە، لەوانە جێبەجێكردنی مادەی ٤٨ كە تایبەتە بە دروستكردنی ئەنجومەنی ئیتحادی، لە پرۆژەكەمدا ئاماژەم بە چۆنیتی دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە و پاراستنی كورسیی هەرێمەكان داوە، هەروەها پرۆژەیەكی دیكەم ئامادەیە بۆ سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی دادگای فیدراڵی، پرۆژە یاسایەكیشم ئامادە كردووە كە تایبەتە بە زیادكردنی دیپلۆماتكارانی كورد و بوونی نوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستان لە نێو گشت باڵیۆزخانەكاندا. پێویستە وەك پەرلەمانتارانی كوردستان لە بەغدا زۆر بە هۆشیارییەوە مامەڵە بكەین، منیش خۆم بۆ جەنگێكی فرەڕەهەند لە بەغدا ئامادە كردووە و بە یاسا بەرگری لە نەتەوەكەم دەكەم.

*** چالاكانی بواری مافەكانی ئافرەت پێیانوایە پەرلەمانتارانی خولی پێشوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی**

**لە كۆمەڵگە پیاوسالارییەكاندا بەهۆی نەبوونی متمانە بە توانای ئافرەت زۆربەی دەنگدەرانی ئافرەت دەنگ بە كاندیدە پیاوەكان دەدەن**

**هەمیشە وەک یاساناسێک هەستم بەوە كردووە كە جەنگی ئێمە لە بەغدا جەنگێكی یاسایی دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوان هەوڵ دەدەن لە رێگەی یاساو پاساوی دەستووری مافەكانمان پێشێل بكەن**

پرۆژە یاسایەکم ئامادە کردووە کە تایبەتە بە زیادکردنی دیپلۆماتکارانی کورد و بوونی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نێو گشت باڵیۆزخانەکاندا

عێراق لە رووی ئەمنییەوە سەقامگیر نییە و دامەزراوەکانی وەک پێویست خزمەتگوزاری پێشکەش ناکەن، کەرتی تەندروستیش لە ئاستێکی خراپدایە و ئافرەتانیش قوربانیی یەکەمی ئەو کێشەیەن

دەبێت هەموو ئافرەتێکی ئێزیدی سەرجەم ماف و ئیمتیازاتی زیندانیی سیاسی بۆ دابین بکرێت، هەروەها دەبێت چارەسەری بەردەوامی بێ بەرامبەر لە بواری تەندروستی و دەروونییان پێشکەش بکرێت

**عێراق کارێکی ئەوتۆیان بۆ باشترکردنی رەوشی ئافرەتانی کورد بەگشتی و ئافرەتانی کوردی ئێزیدی بەتایبەتی نەکردووە، رای ئێوە لەو بارەیەوە چییە و چ بەرنامەیەکتان بۆ ئافرەتانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

ـ بە بڕوای من لە رابردوودا کار کراوە لەو بوارەدا و کەمتەرخەمیی زۆریش هەبووە، بەڵام من لە ئێستادا بەرنامەی وردم بۆ گشت ئەو پرسانە ئامادەیە، ئەگەر تەمەن هاوکار بێت، جێبەجێی بکەم، لەوانە چەندین پرۆژەی تایبەتمەندم لە چوارچێوەی پێگەیاندنی ئافرەتان بۆ بەشداریکردنیان لە بواری کەرتی تایبەت و کاری رێکخراوەیی و تۆڕی دیپلۆماسی و پێگەیاندنیان لە بواری کارگێڕی ئامادەیە، کە ئەم پرۆژانە تایبەتن بە ئافرەتانی هەرێمی کوردستان. هەروەها پرۆژەیەکی یاساییم بۆ ئافرەتانی ئێزیدی ئامادە کردووە کە گشت ماف و ئەرکەکانیان بۆ بگەڕێتەوە و لە نزیکترین کاتدا ئەو پرۆژەیە پێشکەش دەکەم، ئەگەر حکومەتی عێراقیش فەرامۆشی کرد، ئەوا من ئەم پرۆژەیە ئاراستەی دادگای ئیتحادی دەکەم، هەروەها پرۆژەیەکی یاساییم لەسەر ئافرەتان ئامادە کردووە، بەتایبەتی ئافرەتانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، تەنانەت لە کاتی روودانی پەلاماری حەشدی شەعبی بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکان و ئەنجامدانی توندوتیژی دژی ئافرەتانی شاری دوزخورماتوو، من لە چەندین وتاردا بە شێوازی یاسایی باسم لە گێڕانەوەی مافی ئەو ئافرەتانە کردووە و ئێستاش ئەوە دەکەم بە پرۆژە و هەوڵ دەدەم هەموو مافەکان بۆ ئافرەتانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بگێڕمەوە.

***سەلمێنراوە ئافرەتان لە سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردندا لە پیاوان سەرکەوتووترن، کەچی لە پۆستی سیاسی وەک پێویست بوونیان نییە، هۆکاری ئەمە چییە؟**

- بەشداریی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاستێکی زۆر باشدایە و جێ پەنجەیان لە ئاستی سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنی پۆستە ئیدارییەکان دیارە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نییە، ئەمەش بۆ نەریتی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، چونکە لە گشت کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا رێگری لە بەشداریی ئافرەتان کراوە.

*** خانمان گلەیی ئەوە دەکەن کەوا لە رووی تەندروستی و خزمەتگوزاریی تەندروستی پەراوێز خراون و گرنگی بە باری تەندروستییان نەدراوە، ئەوە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

ـ عێراق لە رووی ئەمنییەوە سەقامگیر نییە و دامەزراوەکانی وەک پێویست خزمەتگوزاری پێشکەش ناکەن، کەرتی تەندروستیش لە ئاستێکی خراپدایە و ئافرەتانیش قوربانیی یەکەمی ئەو کێشەیەن، بەڵام هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ گشت ناوچەکانی عێراق لە رووی کەرتی تەندروستی و خزمەتگوزاریی تەندروستی تایبەت بە ئافرەتان هەنگاوی باشی ناوە.

*** وەک ئاشکرایە ئەتەوە یەکگرتووەکان رۆژێکی تایبەتی کردووە بە رۆژی جیهانی کچان، کەچی تا ئەمڕۆش لە کوردستاندا کچان ئەو بایەخەیان پێنەدراوە کە متمانەیان بە خۆیان هەبێت، بەڵکو هەمیشە لە بەردەم خەونەکانیان بەربەست دروست کراوە، سەرباری هەموو ئەوانەش ساڵانە یەکەمەکانی کوردستان زۆرینەیان کچانن، خوێندنەوەتان لەسەر ئەمە چییە و پێویستە بۆ کچانمان چی بکرێت؟**

ـ من بەر لەوەی کە پەرلەمانتار بم، چالاکوانێکی کۆمەڵگەی مەدەنیم و ماوەی چەندین ساڵە لە نووسینەکانمدا کارم لەسەر پرۆژەکانی تایبەت بە کچان کردووە، لەسەر ئاستی رێکخراویش پرۆگرامێکی تایبەتم بە پێگەیاندنی تواناکانی ئافرەتان و هاندانیان بۆ بەشداریکردن لە کەرتی تایبەتدا ئامادە کردووە. چەند پرۆژەیەکی دیکەم لەبەردەستە، لەوانە کردنەوەی خولی تایبەتی بۆ کچانی قوتابیی زانکۆ بۆ بەشداریکردنیان لە سێکتەری ئابووری و بنیادنانی ئەکادیمیایەکی پێگەیاندنی ئافرەتی دیپلۆماتکار و ئافرەتی سەرکردە، ئەگەر تەمەن رێگەم بدات لە ئەنجومەنی نوێنەراندا ئەو پرۆژانە دەخەمە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** بەگشتی پەرلەمانتاران تا چەند لە دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتدا بە یاسا سەرکەوتوو بوون و چ کۆسپ و تەگەرەیەک لەو بوارەدا بەدی دەکەن؟**

ـ پەرلەمانی عێراق کێشەی زۆری لە جیاوازی نەتەوەیی تا دەگاتە جیاوازی تائیفی هەیە، ئەم هۆکارانە رێگر بووبن لە دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان، بەڵام پشت بە خودای گەورە لەم خولەی پەرلەماندا بە پرۆژە یاساکانمان دەستەبەری مافەکانی ئافرەت دەکەین.

*** پەلاماردانی خاکی کورد لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە بەتایبەتی کارەساتی ئێزیدییەکان و رفاندنی ئافرەتان و بە سەبایا کردنیان برینی زۆر قووڵی دروست کردووە، بۆ سارێژکردنەوەی ئەو برینە دەبێت چی بکرێت؟**

ـ ئەو تاوانەی کە گرووپی تیرۆریستیی داعش دژ بە ئێزیدییەکان ئەنجامی دا، تاوانێکی دژی مرۆڤایەتی و زۆر قێزەونە، کە باوەڕ ناکەم لە مێژوودا تاوانی لەوجۆرە ئەنجام درابێت، بۆیە سارێژکردنی زۆر ئەستەمە، بەداخەوە دادگای فیدراڵی و ئەنجومەنی نوێنەران وەک پێویست کاریان لەسەر کارەساتی ئێزیدییەکان نەکردووە، من پرۆگرامێکی تایبەتمەندم لەسەر ئەم پرسە ئامادە کردووە و تایبەتە بەوەی کە دەبێت هەموو ئافرەتێکی ئێزیدی سەرجەم ماف و ئیمتیازاتی زیندانیی سیاسی بۆ دابین بکرێت، هەروەها دەبێت چارەسەری بەردەوامی بێ بەرامبەر لە بواری تەندروستی و دەروونییان پێشکەش بکرێت. هەروەها پێویستە کەیسەکەیان بە شێوەیەکی جیهانی کاری لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی وەک تاوانی جەنگ بناسرێت. من بەنیازم پرۆژەیەک پێشکەش بە دادگای تاوانەکانی جیهان (دادگای لاهای) بکەم، بۆ ئەوەی ئەم بابەتە وەک بابەتێکی جیهانی

مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەلایەکی ترەوە حکومەتی بەغدا ناچار بکرێت کە لەو بوارەدا کەمتەرخەمی نەکات.

*** ئافرەتانی پەرلەمانتار تا چەند هەوڵیان داوە ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ ئافرەتی پەرلەمانتار زیاتر بکەن؟**

- ئەوەندەی من تێبینم کردبێت، تەنیا پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی کوردستاتن کاریان لەسەر ئەو پرسانە کردووە کە پەیوەستن بە ئافرەتانەوە، پەرلەمانتارانی لایەنەکانی تر لەم بوارەدا کەمتەرخەم بوون، بەڵام ئێمە لە ئێستاوە بەرنامەی تۆکمەمان ئامادە کردووە و بەنیازین لە نزیکترین دەرفەتدا بیخەینە بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ زیادکردنی کورسیی ئافرەتان کە مەرجە، لەهەردوو دەسەلاتی جێبەجیکردن و دەسەلاتی یاسا دانان لە سەدا سی کەمتر نەبێت.

*** راستە سەربەخۆیی وڵات شتێکی گشتگیرە و رەگەزێك بە تەنیا ناتوانێ ببێتە پێوەری ئەو سەروەرییە، بەڵام ئافرەتی کورد لە رەوتی خەبات و شۆڕشدا رۆڵی کاریگەری هەبووە، ئێستا کە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجام دراوە، ئافرەتی کورد چۆن دەتوانێت ئەو رۆڵە گرنگەی بەجەستەتر بکات؟**

ـ ئەوەی جێگەی شانازییە ئافرەتانی کورد هەمیشە پێشەنگی خەبات و قوربانیدان بوون و، لەگشت شۆڕشەکاندا رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە، من توێژینەوەیەکم لەسەر رۆڵی ئافرەتانی کورد لە شۆڕشەکاندا کردووە، ئەگەر تەمەن بوار بدات لە چوارچێوەی نامیلکەیەکدا بڵاوی دەکەمەوە، لەم قۆناغەی ئێستاداشدا بەتایبەتی لەکاتی ئەنجامدانی گشتپرسی بینیمان چۆن ئافرەتان رۆڵێکی کاراو دیاریان گێڕا، ئافرەتانی کورد نموونەی قارەمانین، بە بڕوای من ئافرەتانی چالاکوان و رۆشنبیران دەتوانن لەم کاتەدا کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە هەبێت، بەتایبەتی ئافرەتانی رۆشنبیر دەتوانن لە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەدا لەکاتی بانگەشەی سەربەخۆییدا رۆڵی کارا بگێڕن، لە کاتی دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆشدا دەتوانن رۆڵێکی گرنگ بۆ خۆیان بەرجەستە بکەن، هەر لە رۆشنبیرکردنەوەی کۆمەڵگە تا دەگاتە بینادنانی دامەزراوەکانی دەوڵەت، من خۆم پێموایە ئەرکی ئافرەتانە لەم قۆناغەدا زۆرترین هەوڵ بدەن بۆ گەیشتمان بە سەربەخۆیی.»

*** وەرچەرخانێکی گەورەی ئەرێنی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و وڵاتە زلهێزەکان بەرامبەر بە کورد رووی داوە، کورد خۆی تا چەند بۆ سوودوەرگرتن لەو وەرچەرخانە ئامادە کردووە و دەبێت چ بکات؟**

ـ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم گۆڕانکارییەکی مێژووییدایە، ئەوەتا زیادبوونی ململانێیەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا چۆتە ئاستێکی زۆر مەترسیدارەوە، لەلایەکی ترەوە پرسی سووریاش رۆژ لە دوای رۆژ ئاڵۆزتر دەبێت، بەهەمان شێوە ئەم بابەتانە وادەکات کە زۆر قەیران و گرفتی تر لە ناوچەکەدا رووبدات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کاریگەریی زۆری لە سەر رۆڵ و پێگەی کورد دەبێت، سەرەڕای ئەم گۆڕانکاریانە سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆکی هێژا، رێزدار سەرۆك مسعود بارزانی وایکردووە کە وڵاتانی زلهێز بە گرنگییەوە لە دۆزی نەتەوەیی کورد بڕوانن، هەرێمی کوردستان دورگەیەکی ئارامە لە دەریایەکی پڕ لە کێشەدا، لەبەر ئەوەش ئایندەیەکی زۆر گەشی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێت و زلهێزەکان ناچار دەبن گرنگی پێ بدەن. من پێموایە لە ماوەی داهاتوودا ئایندەیەکی گەش بۆ هەریم مسۆگەر دەبێت .

*** مافی ئافرەت و منداڵان لە هەموو کۆمەڵگەیەکی مۆدێڕندا سەرباسی باسانە، بەڵام لە عێراقدا ئافرەت لە ئاستی ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیدا زۆر کەم دەردەکەون و مافی منداڵیش وەك نەوەی دوارۆژ تەنیا لە چوارچێوەی دروشمی کاربۆنەکراودا ماوەتەوە، بەرنامەتان بۆ دەستەبەری مافەکانی ئافرەت و منداڵان و چییە؟**

بێگومان ئەگەر ئێمە بەراوردێك لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان بکەین، جیاوازییەکی زۆر دەبینین، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێزدار نێچیرڤان بارزانی زۆر بە گرنگییەوە کاری لەسەر چەسپاندنی مافەکانی ئافرەتان و منداڵان کردووە، لەهەرێم چەندین دامەزراوەی تایبەت بەئافرەتان و چەندین رێکخراوی تایبەت بە منالان لە کوردستان هەن، بەڵام لە عێراق دۆخەکە زۆر پێچەوانەوەیە، چونکە بەشداریی ئافرەتان لە بەڕێوەبردن و کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراقدا، لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە و بیری تائیفی وایکردووە، پرسی مافی ئافرەت بە یەکجاری فەرامۆش بکرێت، پرسی منداڵانیش هەر بە جارێك پەراوێز خراوە و هیچ جۆرە گرنگییەکی پێ نەدراوە. تەنانەت لە عێراق هەوڵێك هەبوو کە بە یاسا هاوسەرگیریی منداڵان بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، واتا لە عێراق هیچ ئاسۆیەکی روون بۆ منداڵان و ئافرەتان بەدی ناکرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەپێچەوانەوەیە، بوونی سەدان رێکخراوی تایبەت بە منداڵان و ئافرەتان بوونی هەیە و چەندین یاسای تایبەت بە پاراستنی منداڵان و ئافرەتان وایکردووە کە هەرێم زۆر جیاواز بێت لە عێراق.

*** وەك دوا پرسیار ئایا پێتوایە ئەرکی ئافرەتان بۆ پێشوازی لە بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا چییە و چ رۆڵێك لەو بوارەدا دەبینن؟**

ـ بە بڕوای من بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بە هەماهەنگی گشت لایەك دەبێت، واتا لەکاتی سەربەخۆیی کوردستان گشت تاکێکی کورد رۆڵ و پێگەی دیاری دەبێت، چونکە سەربەخۆیی خەونی لەمێژینەی هەموومانە، بۆیە گشتمان بەبێ جیاوازی دەبێت هەوڵی خۆمان لەم بوارەدا بدەین، بە بڕوای من چۆن ئافرەتانی کورد لە کاتی شۆڕشەکاندا رۆڵێکی کارایان گێڕاوە، بەهەمان شێوە لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیش رۆڵێکی کاریگەریان دەبێت.



مەیادە محەمەد ئیسماعیل ساڵح نەجاڕ، بڕوانامەی بکالوریۆسی لە یاسا لە زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ٢٠٠٤ بەدەستهێناوە، هەروەها هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمە لە فرۆکەوانی شارستانیی سویدی و بڕوانامەی ماجستیری لە کارگێڕی کار لە زانکۆی (BMU) و دکتۆرای لە کارگێڕیی کار لە زانکۆی (ئوم درمان)ی سودان لە ساڵی ٢٠١٧ وەرگرتووە. سێ پەرتووکی بە چاپ گەیاندووە بەم ناوانە:
(الادارة المالية و اثرها في الانتاج في اقليم كردستان) بە زمانی عەرەبی.ـ (سیاسەت و کۆمەڵگە) بە زمانی کوردی، هەروەها پەرتووکێك بە ناونیشانی (Information communication technology) بە زمانی ئینگلیزی. نزیکەی ١٣٦٠ راپۆرتی شیکاری و وتاری (سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی مرۆیی و پرسەکانی تایبەت بە ئافرەتان)ی لە رۆژنامەو گۆڤار و سایتە ئەلیکترۆنییەکان بڵاوکراوەتەوە.
بەرپرسی بەشی یاساو راوێژکاری یاساییە لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و سەرۆکی بەشی یاساییە لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەو دامەزرێنەر و سەرۆکی رێکخراوی ئاریانا بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان)ـە و کاندیدی سەرکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.



# کچان بە توانای خۆیان و سەرکەوتنیان لە قۆناغەکانی خوێندن تابۆی جیاوازیی ڕەگەزی دەشکێنن

**لە کۆمەڵگەی نەریتسالاری بە کوردستانیشەوە جیاوازیی ڕەگەزی شتێکی باوە و زۆر جار ئافرەت نەک پەراوێز دەخرێ، بەڵکوو سووکایەتیشی پێ دەکرێت، تەنانەت بە «زەعیفە« ناوی دەبەن و زیاتر لە چوارچێوەی کاری ناوماڵدا قەتیسیان دەکەن. بەڵام دەبینین کچان لە قۆناغەکانی خوێندن زۆر بەتواناتر دەردەکەون و ئەمساڵیش زۆربەی یەکەمەکانی هەر دوو قۆناغی ٩ی بنەڕەتی و ١٢ی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان کچان بوون. بەڵام چۆن دەتوانین ئەو کارامەییەی کچان بکەین بە هەوێنی سەرکەوتنی زیاتریان و ڕوانگەی کۆمەڵگەش لە ڕێزگرتنی زیاتر لە تواناکانی ئافرەت نزیک بکەینەوە؟ بە واتایەکی دیکە چۆن دەتوانین توانا و بەهرەمەندییەکانی کچان بەرجەستە بکەین و چۆن کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز بونیاد دەنرێت؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا سنۆبەر سابیر ئەندامی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەیەکی نەریتسالارییە و داب و نەریت تێیدا کاریگەریی زۆری لە سەر تاکی کۆمەڵگە هەیە.» هاوکات دەڵێت: «دیارە کۆمەڵگەی ئێمەش لەژێر کاریگەریی داب و نەریت و جیاکاری ڕەگەزی و پێشێلکاری مافی ئافرەتدایە و هەر ئەوەش وایکردووە کە تواناکانی ئافرەت تا ڕاددەیەك پەراوێز بخرێت.» جەختی لەوەش کردەوە کە « بەرجەستەکردن و چەسپاندنی کارامەیی و توانای کچان بابەتێکە پێویستی بە وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو هەیە. لە کوردستانیش ڕاستە ئافرەت لە کۆمەڵێ بواردا جێ پەنجەیان دیارە و بواریان پێ دراوە، بەڵام ئەوەش بە ڕێژەیە و گشتی نییە و زۆر لە ئافرەتان لە مافەکانی خۆیان بێبەش کراون.» گوتیشی: «نایەکسانی و بە چاوی کەمتر تەماشاکردنی ئافرەت و بە هەندوەرنەگرتنی توانا و خواستەکانی و جیاکاریی ڕەگەزی لەو هۆکارانەن کە تا ئێستاش بەکارهێنانی توندوتیژی و کوشتنی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دووبارە و چەند بارە دەبێتەوە. بۆیە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هزر و بۆچوون و کردار و مامەڵەی پیاو بەرامبەر ئافرەت ڕێژەی جیاکارییە ڕەگەزییەکان پیشان دەدات.»

سنۆبەر سابیر ڕایوایە: «ئافرەتانی کوردستان لە مێژووی کۆنەوە تا ئێستا جێ پەنجەیان دیار بووە و لە گشت جومگەکانی کۆمەڵگەش ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە. لە بواری خۆپێگەیاندن و خوێندنیش ململانێی خۆیان کردووە و نموونەی بەرچاویشی ئەوەیە کە ئەمساڵ زۆربەی یەکەمەکان لە قۆناغەکانی ٩ی بنەڕەتی و ١٢ی ئامادەیی لە هەرێمەکەمان کچ بوون. « گوتیشی: «بە بڕوای هەموو ئەوانەی کە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست تێدەکۆشن، دەبێت بەردی بناغەی ئەو کۆمەڵگەیە یەکسانی جەندەری و قبووڵکردنی یەکتری بێت و هەردوو ڕەگەز بە چاوی پڕ لە ڕێز و ڕێزگرتنەوە لە یەکدی بڕوانن. بۆیە زۆر پێویستە هوشیاری لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بڵاو بکرێتەوە، تاوەکو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی مۆدێڕن و تەندروست و یەکسان بێتە کایەوە کە هەمووان کۆ بکاتەوە و ڕێز لە توانا و بەهرە و کارایی ئافرەت و پیاو بگیرێت.»

پڕۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ڕزگار ڕەنجەڕۆ، سەبارەت

بە هەمان پرس دەڵێت: «لەگەڵ سەرهەڵدانی شارستانیەت، هەمیشە لە رووی جەستەیی و هێز و تواناوە جیاوازی هەبووە لە نێوان رەگەزی مێ و رەگەزی نێر، بەڵام ئەو جیاوازییە نەبۆتە هۆی چەوسانەوە و پەراوێزخستنی رەگەزی مێ، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی زۆر کۆن، بۆمان بەدیار دەکەوێ کە ئەرکەکانی ئەو دوو رەگەزە، زۆر بە یەکسانی و بە گوێرەی هێز و توانا دابەش کراوە، بۆ نموونە ئەگەر رەگەزی نێر کە بە جەستە و هێز بەتواناتر بووە، ئەرکی راو و شکار و پەیداکردنی بژێوی خێزانی خستۆتە ئەستۆی خۆی و سەرکەوتنیشی بەدەست هێناوە.» گوتیشی: «هەردەم مرۆڤ لەو باوەڕەدا بووە کە ئافرەت هوشیارتر و زیرەکترە، بۆیەش ئەرکە سەختەکانی خستۆتە ئەستۆی و جگە لە پەروەردەکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی ماڵ زۆربەی زۆری ئەو کارانەی کردووە کە پیاو نەیزانیوە لەوانە دروستکردنی خواردن و رستن و چنین و دۆشین و دەیان کاری تری خێزانی، بۆیە پیاو لە مێژوودا هەمیشە ئافرەتی لە خۆی بە زیرەکتر و وریاتر زانیوە و بە کۆڵەگەی ژیانی خێزانداری و شارستانیەتی ژماردووە، بەڵام هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیەی کە بووە هەوێنی پیاوسالاری و سەرهەڵدانی چەوسانەوەی ئافرەت، لەوانە سەرهەڵدانی دەسەڵاتداری و چینایەتی، بۆ نموونە دەسەڵاتدار کە دەیزانی ئافرەت وریا و زیرەکە و جگە لە حەز و ئارەزووەکانی، هەوڵی دەدا مرۆڤە زیرەکەکان لە خۆی نزیك بکاتەوە، بۆیە کۆمەڵێك ژنی دەهێنا تا دەسەڵاتدارییەکەی خۆی بەهێزتر و فراوانتر بکات، بەو پشێویەوە قۆناغ بە قۆناغ زاڵ بوون و پیاوسالاری و نەریتسالاری بوو بە نەریتێکی دزێو، ئەو دیاردەیەش شۆڕشێکی زانستی و رۆشنبیری دەوێت تا کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی لەو دیاردەیە رزگاری بێت. وەنەبێ ئەو شۆڕشە سەریهەڵنەدابێ، پرۆسەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەرگای لەو شۆڕشە کردۆتەوە و سەرکەوتنی بەشی زۆری قوتابیانی قۆناغی ٩ و قۆناغی ١٢ی هەرێمی کوردستان کە ئافرەت پشکی شێری بەرکەوتووە، گەواهی ئەوە دەدەن کە ئەو دیاردەیە بەرەو پووکانەوە دەچێت و کۆمەڵگە بە گشتی بەرەو یەکسانیخوازی دەڕوات.»

ماجید خەلیل مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی بەشی مێژووە لە کۆلیژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی و سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «تا ئێستەش جووڵانەوەیەکی رۆشنگەریی، کە جیاوازییە ڕەگەزییەکان کاڵ بکاتەوە لە کوردستاندا کاری زۆری لەبەردەمدا ماوە. هاوکات دەڵێت: «کاریگەریی نەریت و فەرهەنگی وڵاتانی هەرێمی، نەبوونی هۆشیاریی پەروەردەیەکی سەردەمییانە، گوتاری سەلەفیزمی سیاسی و پاشماوەکانی عەقڵی هۆزسالاری و ناوچەگەرییەتی، بێ سەروبەریی میدیا و کۆی هەموو ئەو هۆکارانە ژنانی کۆمەڵی ئێمەی لە عەقڵی پیاوگەرایی و هەژموونی نێرسالاری دەرباز نەکردووە.» گوتیشی: «لەئێستادا هەرێمی کوردستان لە دوڕیانی قوتاربووندایە لەو قەمتە گەورە کۆمەڵایەتییەی بەردەم مرۆڤی کورد و ژن و کچی کورد. بۆیە پێمان وایە چەند چارەسەرییەك زەمینەیان بۆ رەخساوە کە دەبێ کاری زیاتریان بۆ بکرێت، ئەو چارەسەرییانە ئەمانەی خوارەوەن:

١- ژنانی کورد پشت بە توانای خۆیان ببەستن، وەك دەزانرێ لە ناوەندە زانستی و پەروەردەییەکان ئەم هەنگاوە نراوە و نمرەی باڵاو توانای توێژینەوە و بوونیان لە ناوەندەکانی کارو بازاڕو ژیانی رۆژانە هێمایەکی یاساییبوونەوەی دۆخی ژنە لەو نەهامەتییە کۆمەڵایەتییەی کە ژنی لە چوارچێوەی دیواری ماڵێ زیندان کردبوو.

٢- رەنگدانەوەی پرسی یەکسانیی ژن لە پەروەردە و میدیا و هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەنگاوێکی ترە کە کاری لەسەر کراوە.

٣- هەوڵدان بۆ سنووردانان بۆ گوتارە ئایینییە پەڕگیرەکان و عەقڵە سەلەفییە ئیخوانییەکان کارێکی ترە کە لە ئێستادا ژنی هۆشیاری کورد لەو سەرکێشییە سەلەفییانە دەرباز بوون.

٤- دنیای دەرەوەو هەوڵدان بۆ نومایانی ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو.

٥- جەختکردنەوە لەسەر پڕۆژەیاساکانی پەرلەمان و رێکاری یاسایی بەرامبەر هەر بەرنامەیەکی پیاوسالاریی. هەموو ئەم چارەسەرییانە دەبێ بچنە سەر رێچکەی دیاریکراوی خۆیان، تاوەکو ژنبوون نەبێتە گرفتێك لەبەردەم زیندان و ئەشکەنجەی دەروونیی پێکهاتەی نەتەوەییمان.»

دەروونناس سامان سیوەیلی لە روانگەیەکی دەروونناسییەوە شەن و کەوی تەوەری راپۆرتەگەی گوڵان دەکات و دەڵێت: «زانست ئەوەی سەلماندووە کە هیچ جیاوازییەك لە نێوان توانا ژیرییەکانی رەگەزی نێر و مێ نییە، تەنانەت زۆرجار لە کاتی فێربوونی زماندا کچان توانای فێربوونیان لە کوڕان زیاترە، بۆیە ئەگەر دەرفەت بۆ کچان بڕەخسێت، هیچ جیاوازییەك لە توانستی ژیرییاندا نییە، بەلام دیارە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کچان بۆ دەرچوون و بەدەستهێنانی ئاستی بەرز لە کوڕان بە پەرۆشترن، بەڵام کوڕان لەم روانگەیەوە کەمتەرخەمتر و بێباکترن، بەڵکو زیاتر سەرقاڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چوونە دەرەوە و هاوڕێیەتی و گەشتکردنن، لەبەر ئەوەی ئازادی و دەرفەتی چوونە دەرەوەیان لە کچان زیاترە، بەڵام کچان کەمتر ئەو دەرفەتانەیان بۆ دەڕەخسێت و زیاتر لە ماڵەوەن، بۆیە هەموو تواناکانیان بە هەوڵ و کۆشش و خوێندن سەرف دەکەن، بەخۆشحاڵییەوە دەرەنجامەکەشی ئەوەیە کە هەمیشە کچان بە رێژەیەکی زۆرباش سەرکەوتن بەدەست دەهێنن.» گوتیشی: «کەلتوور و دابونەریتی ئێمە کەلتوورێکی پیاوسالارانەیە و تا ئەو ساتەوەختەش ئەوە وایکردووە کە کچ موقەیەدتر بێت و بە حەزەرەوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەری بکات و ئاگاداری رەفتار و هەڵسوکەوت و چوونە دەرەوەی بێت، ئەوەش بەشێکە لەو بێ متمانەییەی کە کۆمەڵگە و خێزان بە رەگەزی مێینە هەیەتی، کچیش هەوڵدەدات لە رێگەی سەلماندنی تواناکانی بە دەوروبەری خۆی بڵێ: منیش هەم، هەوڵ و کۆششەکانی وەڵامێکە بۆ ئەو رەفتارانەی کۆمەڵگە و خێزان لە بەرامبەریدا دەیکەن، یان جۆرێك لەو بێ متمانەییەی کە بەرامبەر بە رەگەزی مێینە پیادە دەکرێ.

**کۆمەڵگەی ئێمەش لەژێر کاریگەریی داب و نەریت و جیاکاری رەگەزی و پێشێلکاری مافی ئافرەتدایە و هەر ئەوەش وایکردووە کە تواناکانی ئافرەت تا رادەیەک پەراوێز بخرێت**

**زانست ئەوەی سەلماندووە کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان توانا ژیرییەکانی رەگەزی نێر و مێ نییە، تەنانەت زۆرجار لە کاتی فێربوونی زماندا کچان توانای فێربوونیان لە کوڕان زیاترە**

**بە بڕوای هەموو ئەوانەی کە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست تێدەکۆشن، دەبێت بەردی بناغەی ئەو کۆمەڵگەیە یەکسانی جەندەری و قبووڵکردنی یەکتری بێت و هەردوو رەگەز بە چاوی پڕ لە رێز و رێزگرتنەوە لە یەکدی بڕوانن**